

جەزائیرییەکان پێیانگوت تۆ تەمبەڵی و جوولەت خێرا نییە..

# «زێدان بەهۆی گەمژەیی باب و باپیرانی بووەتە ئەفسانە»

**رووداوی وەرزشی - CNBC**

بەمدواییــە میدیای جەزائیــری بایەخێکی زۆری بە هەواڵێکی تایبەت بە زینەدین زیدانی ئەفسانەی تۆپی پێی فەرەنسا داو دانیان بەوەدانا کە بەرپرسانی یەکێتی تۆپی پێی جەزائیری گەمژە بوون، چونکە رازی نەبوون زێدان یاری بۆ هەڵبژاردەی جەزائیر بکات.

میدیــای جەزائیــری نهێنییەکــی گەورە لــە بارەی زینەدین ئاشکراکردو رایگەیاند زیدان ویستوویەتی یاری بــۆ هەڵبژاردەی جەزائیر بــکات، بەڵام جەزائیرییەکان رەتیانکردووەتەوە «زیدان ئەوکاتەی گەنج بوو سەردانی جەزائیــری کردو داوای لە بەرپرســانی جەزائیری کرد دەرفەتــی پێبدەن یاری بۆ هەڵبــژاردەی وڵاتی باوکی بکات، بەڵام رەتیانکردەوەو گوتیان تۆ بۆ هەڵبژاردەی جەزائیر دەســتنادەی، تۆ تەمبەڵــی و جوولەت خێرا نییە».

دوای ئــەوەی بەرپرســێکی ئەوکاتی یەکێتی تۆپی پێــی جەزائیری ئەم هەواڵەی بۆ رۆژنامەکانی جەزائیر پشتڕاستکردەوە، ئەو هەواڵە وەک بۆمبێک لە شەقامی وەرزشــی ئەو وڵاتە تەقییەوەو جەماوەری جەزائیری لەســەر تۆڕە کۆمەڵایەتییــەکان هەڵمەتێکی گەورەیان لەدژی بەرپرسە وەرزشییەکانی وڵاتەکەیان دەستپێکردو بە چەندین کۆمێنتی گاڵتەجاڕانە سەرزەنشتی کردن. بــۆ نموونە یەکێک نووســیبووی «گەمژەیی ئێمە بوو نەیهێشت زیدان ببێتە جەزائیری». یەکێکی دیکــەش نووســیبووی «گەمژەیــی باب و باپیرانــی زیدان ئــەوی کردە ئەفســانە، چونکە ئەگــەر جەزائیرییەکان قبوڵیان کردبا هەرگیز نەدەبووە ئەفسانە».

WWW.RUDAW.NET

رووداو وەرزشی

ژمارە (381) سێشەممە 2015/12/29 8ی بەفرانبار 2715 (500) دینار

رۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات

گواردیۆلا دەیەوێ بە گەڕاندنەوەی هەیبەتی سامبا گەورەیی خۆی بۆ جیهان بسەلمێنێت..



# دەبێتە راهێنەری بەرازیل

"گواردیۆلا پلانی داناوە 3 ساڵ راهێنەری شەیتانەکان بێت و 3 ساڵیش بەرازیل"



لۆکا تۆنی بای ملیۆنێک یۆرۆ خوداپەرستی کردووە

8



ئۆزیل: رۆژانە لە مزگەوتێکی لەندەن نوێژ دەکەم

3



رۆناڵدۆ: یان من یان ئەو 3 پیاوە

3

ژمارە (381) سێشەممە 2015/12/29



## 1000ی تێپەڕاند

تۆنی کروسی یاریزانی ئەڵمانی لە یاری ریال مەدرید بەرامبەر رایۆ ڤالیکانۆ توانی 61 پاسی دروست بدات و کۆی پاسەکانی لە لیگا لە 1000 پاس رەتیداو گەیشتە 1020 پاسی دروست، بەمەش بووە باشترین پاسدەری دروست لە لیگا، لەدوای ئەو تراشوراس بە 1006 پاس و لۆکا مۆدریچ بە 927 پاس دێن. ناوەندی پاسەکانی کروس گەیشتووەتە 72.8 پاس لەهەر یارییەک، کە بەرامبەر خیتافی توانی 105 پاسی دروست بدات. کروس رۆڵێکی گرنگ لە هێڵی ناوەڕاست دەگێڕێت و رێژەی پاسە دروستەکانی گەیشتووەتە 92.8% پاس.

پیپ دەیەوێ ببێتە باشترین و بەناوبانگترین راهێنەر لە مێژووی تۆپی پێدا..

# لە مۆندیالی 2022 گواردیۆلا راهێنەری بەرازیلە

**ئا: رووداوی وەرزشی**

رۆژنامەیەکی کەتالۆنی لە راپۆرتێکدا بۆمبێکی گەورە دەتەقێنێتەوەو ئاشکرایدەکات پیپ گواردیۆلای راهێنەری ئیسپانی پلانی داناوە بۆ ئەوەی ببێتە راهێنەری هەڵبژاردەی بەرازیل و دەڵێت «پیپ دەیەوێ بە گەڕاندنەوەی هەیبەتی تۆپی پێی بەرازیل گەورەیی خۆی بۆ جیهان بسەلمێنێت».

لە کاتێکدا کە زۆربەی سەرچاوە رۆژنامەوانییەکان دڵنیان لەوەی گواردیۆلا دەبێتە راهێنەری یانەی مانچستەر سیتی ئینگلیزی، رۆژنامەی سپۆرتی کەتالۆنی لە راپۆرتێکدا هەواڵێکی چاوەڕواننەکراو بڵاودەکاتەوەو دەڵێت «پیپ ستراتیجیەتێکی نیمچە درێژخایەنی بۆ کاروانی وەرزشیی خۆی داناوەو دەیەوێ بە گوێرەی ئەو پلان و ستراتیجیەتە ببێتە باشترین و بەناوبانگترین راهێنەر لە مێژووی تۆپی پێدا».

بە گوێرەی ئەو راپۆرتەی سپۆرت، گواردیۆلا لە دوای ئەزموونی لیگای ئیسپانی و بۆندسلیگای ئەڵمانی، دەیەوێ تواناکانی خۆی لە پریمەرلیگی ئینگلیزیشدا بسەلمێنێت، ئینجا ئەزموونێکی نوێ لەگەڵ هەڵبژاردەکان دەستپێبکات و لەو بارەوە نووسیویەتی «گواردیۆلا پلانی خۆی هەیە، ئەگەرنا قەت بایرن میونشنی جێنەدەهێشت، ئەو دەیەوێ سەرکێشییەکی گەورە بکات و ببێتە راهێنەری هەڵبژاردەی بەرازیل بۆ مۆندیالی 2022 لە قەتەر». ئەو رۆژنامەیە هەروەها نووسیویەتی «بەڵام گواردیۆلا دەیەوێ 3 ساڵی داهاتووی لەگەڵ مانچستەر یونایتد بێت نەک مانچستەر سیتی، چونکە ئەو راهێنەرە زۆر بایەخ بە مێژووی ئەو تیپانە دەدات کە راهێنەرایەتییان دەکات».

راپۆرتەکەی سپۆرت، لەو بارەوە روونکردنەوەی زیاتر دەدات و دەڵێت «پیپ بڕیاریداوە تاوەکو 2019 ببێتە راهێنەری مانچستەر یونایتد، ئینجا ئەرکی مەشقەکانی هەڵبژاردەی بەرازیل وەربگرێت».

پێشتر سەرچاوە رۆژنامەوانییەکان ئەگەری بوونی گواردیۆلا بە راهێنەری بەرازیل دووپاتکردبووەوە، کە ئەوکات گوتیان لە کۆتایی ساڵی 2012 پیپ دەبێتە راهێنەری هەڵبژاردەی بەرازیل، بۆ بەشداریکردن لە مۆندیالی 2014ی بەرازیل، دوای دەستلەکارکێشانەوەی مانۆ مینیزێسی راهێنەر لە مەشقەکانی هەڵبژاردەی سامبا و دابەزینی ئاستی بەناوبانگترین هەڵبژاردەی جیهان، بەڵام ئەوکات بەرپرسان و چاودێرانی تۆپی پێی بەرازیل رازی نەبوون بەهیچ شێوەیەک راهێنەرێکی نا بەرازیلی سەرپەرشتی هەڵبژاردەکەیان بکات و گوتیان «ئەوە کەمکردنەوەیە لە ناوبانگ و هەیبەتی تۆپی پێی بەرازیل».

بەڵام ئێستا وەک سپۆرت باسیدەکات، بارودۆخەکە زۆر جیاوازە لە ساڵی 2012 و لەو بارەوە نووسیویەتی «بەرازیلییەکان گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کە راهێنەرە بەرازیلییەکان توانایەکی ئەوتۆیان لە رووی تەکتیکییەوە نەماوە، بۆ ئەوەی شایستەی گەڕاندنەوەی هەیبەتی تۆپی پێی بەرازیل بن، بەتایبەتیش کە لەدوای کۆپا ئەمریکای ساڵی 2007ەوە ئەو هەڵبژاردەیە هیچ نازناوێکی نەبردووەتەوە». هەروەها نووسیویەتی «بەرازیلییەکان پێیانوایە گواردیۆلا بەهۆی توانا تەکتیکییەکانی دەتوانێت هەڵبژاردەی سامبا بکاتەوە هەڵبژاردە ترسناکەکەی جیهان، بەتایبەتیش کە بەرازیل ئێستاش خاوەن کۆمەڵێک یاریزانی زۆر پیشەگەر و ئاستبەرزەو بۆ گەورەترین یانەکانی ئەوروپا یاری دەکەن». هەروەها دەشڵێت «گواردیۆلاش دەیەوێ بە گەڕاندنەوەی هەیبەتی تۆپی پێی بەرازیل بە جیهان بڵێت من گەورەترین راهێنەری جیهانم».




«پیپ ستراتیجیەتێکی نیمچە درێژخایەنی بۆ کاروانی وەرزشیی خۆی داناوە»

«گواردیۆلا هەمیشە حەزی لەو تیپانەیە کە خاوەن مێژوویەکی گەورەن»

مەرجی هەیە بۆ مانەوەی لە ریال مەدرید..

# رۆناڵدۆ: یان من یان ئەم 3 پیاوە



«ئەنچیلۆتی بەڵینی باڵۆن دۆر و پێڵاوی زێڕینی 2016ی بە دۆن داوە»

**رووداوی وەرزشی ـ CNBC**

ماڵپەڕێکی ئیسپانی ئاشکرایدەکات کە کێشەکانی کریستیانۆ رۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی یانەی ریال مەدریدی شاهانە لەگەڵ بەرپرسانی یانەکەی گەیشتووەتە لوتکەو نووسیویەتی «رۆناڵدۆ چیدی بەرگەی ئەم بارودۆخە ناگرێت و 3 مەرجی بۆ مانەوە لە ریال مەدرید داناوە».

بەپێی راپۆرتێک، کە ماڵپەڕی گۆل دیاریۆی ئیسپانی بڵاویکردووەتەوە، رۆناڵدۆ راشکاونە سەرۆک و ئیدارەی ریال مەدریدی لەوە ئاگادارکردووەتەوە کە پێویستە لەنێوان خۆی و 3 کەسی دیکە لە ریال مەدرید یەکێکیان هەڵبژێرن و نووسیویەتی «رۆناڵدۆ بە ریال مەدرید گوتووە لە هاوینی داهاتوودا یان من یان ئەم 3 کەسە لە مەدرید دەمێنینەوە، چیدی من لەگەڵ ئەوان لە یەک تیپدا نامێنمەوە».

ئەو ماڵپەڕە ئاشکرایکردووە کە مەبەستی رۆناڵدۆ هەریەک لە رافا بینیتێزی راهێنەر و گاریس بەیڵی یاریزانی وێڵزی و خیسۆس ئۆلمۆی سەرۆکی تیمی پزیشکی یانەی شاهانەیەو لەو بارەوە نووسیویەتی «رۆناڵدۆ نایەوێ چیدی رافا راهێنەری بێت، چونکە پێیوایە شێوازی یاریکردنی ئەو راهێنەرە کاریگەرییەکی زۆری کردووەتە سەر ئاستی خۆی و ژمارەی گۆڵەکانی زۆر کەمبووەتەوە. سەبارەت بە بەیڵیش رۆناڵدۆ نایەوێ هیچ رکابەرێکی هەبێت، ئەو دەیەوێ هەر خۆی پیاوی یەکەمی تیپەکەی بێت. هەروەها ئۆلمۆی پزیشکیش بە بۆچوونی رۆناڵدۆ و زۆر لە هاوڕێیانی هۆکاری سەرەکی پێکانە زۆرەکانی یاریزانانی ریال مەدریدە».

بەپێی راپۆرتەکەی ئەو ماڵپەرە ئیسپانییە، ئەگەر سەرۆک و ئیدارەی ریال مەدرید مەرجەکانی رۆناڵدۆ جێبەجێ نەکەن، دۆن بڕیاریداوە لە میرکاتۆی هاوینی داهاتوودا بچێتە ریزەکانی یانەیەکی دیکە.

### ئەنچیلۆتی بەڵینی باڵۆن دۆر و پێڵاوی زێڕینی پێداوە

هەمان ماڵپەڕ باس لەوە دەکات، کارلۆ ئەنچیلۆتی راهێنەری ئیتاڵی، کە لە وەرزی داهاتوودا لەجێگەی پیپ گواردیۆلای راهێنەری ئیسپانی دەبێتە راهێنەری یانەی بایرن میونشنی ئەڵمانی، هەوڵ دەدات ئەستێرەی پورتوگالی، کریستیانۆ رۆناڵدۆ رازی بکات، لە وەرزی داهاتوودا بۆ یانەی بایرن میونش یاری بکات.

ئەنچیلۆتی بۆ ئەو هەنگاوەی پشت بە ویستی رۆناڵدۆ بۆ بردنەوەی خەڵاتی باڵۆن دۆر دەبەستێت، هەوڵی ئەوەش دەدات رۆناڵدۆ رازی بکات سەرکێشییەکی تازە لەگەڵ بایرن میونشن ئەنجام بدات، کە رکابەرێکی بەردەوامی نازناوە ناوخۆیی و کێشوەرییەکانە و رێچکەی بەدەستهێنانەوەی باڵۆن دۆری دەبێت سەر لەنوێ.

ئەو ماڵپەڕە باس لەوە دەکات کە رۆناڵدۆ ئێستا ناوی لە لیستی کۆتایی پاڵێوراوانە بۆ وەرگرتنی خەڵاتی باڵۆن دۆر بۆ ساڵی 2015، بەڵام بەختی لیۆنێل مێسی ئەرجەنتینی زیاترە، کە بێجگە لە رۆناڵدۆ لە پێش نەیماری بەرازیلیش دێت و لەو بارەوە نووسیویەتی «لەبەرئەوە ئەنچیلۆتی بەڵێنی ئەوەی بە رۆناڵدۆ داوە ئەگەر بچێتە ریزەکانی بایرن میونشن، بۆ ساڵی 2016 هەردوو خەڵاتی باڵۆن دۆری باشترین یاریزانی جیهان و پێڵاوی زێڕینی تایبەت بە باشترین گۆڵکاری ئەوروپا بباتەوە».

رۆناڵدۆ، ئێستا تەمەنی 31 ساڵە و پێیوایە دەتوانێت چەند وەرزێکی دیکەش بەردەوام بێت، بەر لە وازهێنان بە یەکجاری، بەڵام ئایندەی لەگەڵ ریال مەدرید مسۆگەر نییە، چونکە یانەکانی وەک پاریس سانجێرمانی فەرەنسی و مانچستەر یونایتدی ئینگلیزیش بایەخ بە تواناکانی دەدەن، خۆیشی لەگەڵ رافا بینیتێزی راهێنەری ریال مەدرید ناکۆکە.

### دووی دیکەشی دەوێ

رۆژنامەی THEی SUN ئینگلیزیش ئاشکرایکردووە، راهێنەری ئیتاڵی کارلۆ ئەنچیلۆتی بێجگە لە کریستیانۆ رۆناڵدۆ پەیوەندی بە هەردوو ئەستێرە، کەریم بێنزیمەی فەرەنسی و هێرشبەری سویدی زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ کردووە، بۆ ئەوەی رازییان بکات روو بکەنە یانەی بارین میونشن لە سەرەتای وەرزی داهاتوودا، ئەوەش بۆ ئەو پەیوەندییە توند وتۆڵە دەگەڕێتەوە کە کارلیتۆ لەگەڵ ئەو 3 ئەستێرەیە هەیەتی.

ئەو رۆژنامەیە زیاتر لەو بارەوە دەڵێت «بەرپرسانی بایرن میونشن بەڵێنیان بە ئەنچیلۆتی داوە هەوڵ بۆ هێنانی هەموو ئەو یاریزانانە بدەن، کە ئەو داوای گرێبەست لەگەڵ کردیان دەکات».

مەسعود بەتەنیا لەپێش 13 یانەی پریمەرلیگە..

# ئۆزێل: من ریاکار نیم و نوێژ بۆ خوا دەکەم



«رۆژانە لە مزگەوتێکی لەندەن نوێژ دەکەم»

**رووداوی وەرزشی ـ THE TIMES**

مەسعود ئۆزێل، ئەستێرەی ئەڵمانی و پلەی مەیکەری یانەی ئارسناڵی ئینگلیزی، باسی پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئایینی ئیسلام بۆ رۆژنامەی تایمزی بەریتانی کرد و دووپاتیکردەوە، ئەو کەسێکی دیندارە و رۆژانە لە مزگەوتێکی لەندەن نوێژ دەکات.

ئۆزێل، کە بەرچەڵەک کوردی باکووری کوردستانە، دڵی خۆی بۆ رۆژنامەی تایمزی بەریتانی کردەوەو گوتی «من کەسێکی پابەندم بە ئاینم و لە ماڵەوە لەسەر ئەوە پەروەردە کراوم، نوێژکردن بۆ من شتێکی زۆر گرنگە، لە کاتی یارییەکانیش نوێژ دەکەم و من ئەوە بۆ خۆدەرخستن ناکەم، یان بە هەموو خەڵکی نیشاندەم من موسڵمانم». ئۆزێل زیاتر گوتی «من بە قەناعەتەوە ئەو کارە دەکەم، کە لە باوەڕمەوە سەرچاوەی گرتووە، لە ئارسناڵیش رێز لە ئایینەکەم دەگرن و منیش رێز لە ئایینی هەمووان دەگرم».

ئۆزێل، پاڵەوانی مۆندیالی بەرازیل لەگەڵ هەڵبژاردەی مانشافت ئەمساڵ بەشێوەیەکی بەرچاو لەگەڵ ئارسناڵ دەردەکەوێت و تاوەکو ئێستا 13 گۆڵی لە پریمەرلیگ دورستکردووەو دوو گۆڵیشی کردووە. ئۆزێل ئاماژە بەوە دەکات کە ئەفسانەی فەرەنسی، زێنەدین زێدانی یاریزانی پێشووی ریال مەدرید و یوڤانتۆس و راهێنەری ئێستای تیپی کاستیای ریال مەدرید، نموونەی باڵایەتی و ئەو پێشتر چاوی لەسەر شێوازی یاریکردنی بووە و هەوڵی داوە شێوازی یاریکردن بە یاریزانان و پاسدانی دووبارە بکاتەوە.

ئۆزێل، ساڵی 2006 لەگەڵ یانەی شاڵکەی ئەڵمانی کاروانی پیشەگەری لە جیهانی تۆپی پێ دەستپێکردووە، ساڵی 2008 چووەتە ریزەکانی ڤێردەربرێمەن، دوای دوو ساڵ روویکردووەتە ریال مەدرید و ساڵی 2013 لە یانەی ئارسناڵ گیرسایەوە.




ژمارە (381) سێشەممە 2015/12/29

## بێزارە

ڕۆژنامەی دەیلی مەیلی بەریتانی ئاشکرایکرد کە گاریس بەیڵی یاریزانی وێڵزی یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی بەدەست کێشەیەکی دەروونی دەناڵێنێت و داوای یارمەتی لە جیمی ئیدواردز کردووە، کە یەکێکە لە بەناوبانگترین پزیشکانی بواری دەروونی، بۆ ئەوەی لەو کێشەیە ڕزگاری بکات. ئەو ڕۆژنامەیە باس لەوە دەکات کە هۆکارێکی سەرەکی ئەو کێشەیەی بەیڵ بۆ ئەو ڕکابەری و ململانێیە دەگەڕێتەوە کە لەنێوان خۆی و کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالیدا هەیە و نووسیویەتی «بەڵام ئێستا بارودۆخی بەیڵ باشترە بەهۆی ئیدواردزی پزیشکەوە».

### لە کۆی 456 یاریزانی پریمەرلیگ تەنیا 146یان ئینگلیزن..

# فرە ڕەگەزی پریمەرلیگ و ئینگلیزەکانی کوشتووە




**ڕووداوی وەرزشی ـ SPORT**

گەڕی 17ی خولی نایابی ئینگلیزی یاریکردنی زۆرترین ڕەگەزی جیاوازی لە خولەکە بەخۆوە بینی. کە بە گوێرەی هەواڵەکانی ڕۆژنامەی دەیلی مەیلی بەریتانی، ژمارەی ڕەگەزەکانی گەڕی ناوبراو لە خولەکە گەیشتە 48 ڕەگەزی جۆراوجۆر.

ئەوکاتەی خولی نایابی ئینگلیزی لە وەرزی 1992 ـ 1993 بەناوە نوێیەکەی دەستپێکرد ژمارەی یاریزانانی ئینگلیز 387 بوو لە کۆی 544 یاریزانی بەشدار لە پریمەرلیگ، واتە بە ڕێژەی 71% یاریزانەکانی ئینگلیزی بوون، تەنیا 52 یاریزان لە ڕەگەزەکانی دەرەوەی یەکێتی بەریتانیا بوون. کەچی لە یاری هەفتەی ڕابردووی نێوان مانچستەر سیتی و ئارسناڵدا، تیو والکۆت تاکە یاریزانی ئینگلیزی نێو پێکهاتەی یانەی ئارسناڵ بوو، ئەوەش پرسیاری ئەوە دەخاتەڕوو، لەبەرچی ئاستی تۆپی پێی ئینگلیزی بەم دواییە ئەوەندە پاشەکشەی کردووە؟.

ئامارەکان دابەزینی ئاستی ئینگلیزەکان بە درێژایی ساڵەکانی ڕابردوو دەردەخەن، کە وایکردووە ڕێژەی بوونیان لە پریمەرلیگ لە نیوە کەمتر بێت، بە جۆرێک لە وەرزی 1992 ـ 1993 ڕێژەی یاریزانانی ئینگلیز 71.1% بوو، بەڵام لەم وەرزەدا 2015 ـ 2016 ڕێژەیان تەنیا 32%یە، ئەگەر بە ژمارەش باسی بکەین لە وەرزی 1992 ـ 1993 ژمارەی یاریزانانی ئینگلیزی لە پریمەرلیگ 387 بوو لە کۆی 544 یاریزان، کەچی لە وەرزی 2004 ـ 2005 ژمارەکە بووە 199 یاریزانی ئینگلیز لە کۆی 515 یاریزان، بەڵام لەم وەرزەدا ژمارەکە کەمبووەتەوە بۆ 146 یاریزانی ئینگلیزی لە کۆی 456 یاریزان. ئەمەو ڕۆژنامەکانی ئینگلتەرا ڕۆڵێکی گرنگیان لە دابەزینی ئاستی یاریزانانی ئینگلیز هەبووە، لەگەڵ یانەکانیش کە لە داواکردنی یاریزانانی تازە پێگەیشتووی ئینگلیزدا زیادەڕەوییان دەکرد، ئەوەش وایکردووە ئاستیان ڕۆژ بە ڕۆژ لە دابەزیندا بێت.

### سەیر و سەمەرە!!

# یەک تویتی بە 210 هەزار یۆرۆیەو کوڕی سیمیۆنیش دوژمنی ڕیالە

**ئا: ڕەمزی میرەکانی**

لە جیهانی وەرزش بە گشتی و تۆپی پێ بەتایبەتی، زۆر بەسەرهات ڕوودەدەن کە بڕوا پێکردنیان زەحمەتە، بەڵام لە ڕاستیدا ڕوودەدەن:

1

## یەک تویتی بە 210 هەزار یۆرۆیە

کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ، ئەستێرەی پورتوگالی لە سەرووی لیستی ئەو وەرزشوانانە دێت، کە زۆرترین قازانج لە بڵاوکردنەوەی تویت لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر دەکەن. ڕۆناڵدۆ 210 هەزار یۆرۆی لە بڵاوکردنەوەی یەک تویتی ڕێکلامکردن دەستدەکەوێت. گۆڵکاری مێژوویی ڕیال مەدرید و هەڵبژاردەی پورتوگال 39 ملیۆن هاوڕێی لە تویتەر هەیە، بەمەش لە دوای ئەستێرەی تەلەڤزیۆن و نمایشکاری جل وبەرگی ئەمریکی، کیم کارداشیان لە پلەی دووەم دێت لەسەر ئاستی هەموو جیهان. کە کارداشیان لەهەر تویتێکی ڕێکلامکردن 450 هەزار یۆرۆی دەستدەکەوێت.

ڕۆژنامەی ئەپۆلای پورتوگالی ئەو ژمارانەی ئاشکرا کردووە، کە لەگەڵ ژمارەکانی ئاژانسی ئۆپن دۆرزی تایبەت بە پێوانی هێزی کەسە بەناوبانگەکان و مارکە بازرگانییەکان لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هاوتایە. ڕۆناڵدۆ لە پێش ئەستێرەی تۆپی سەبەتەی ئەمریکی لیبرۆن جیمس دێت، کە لە هەر تویتێکی ڕێکلامکردن 125 هەزار یۆرۆی دەستدەکەوێت. لەدوای ئەوان نەیماری ئەستێرەی بەڕازیل و بارسێلۆنا دێت کە نزیکەی 100 هەزار یۆرۆی دەستدەکەوێت، مەسعود ئۆزیل و واین ڕۆنیش لەو ژمارەیە نزیکن.



2

## کوڕی سیمیۆنی دوژمنی ڕیال مەدریدە

جیۆڤانی سیمیۆنی، هێرشبەری یانەی ریڤەر پلێتی ئەرجەنتینی دووپاتیکردەوە، ئەو ڕازی نییە یاری بۆ یانەی ڕیال مەدرید بکات، چونکە دەبێتە خیانەتکردن لە باوکی، کە دییگۆ سیمیۆنی ڕاهێنەری ئەتلەتیکۆ مەدریدی ڕکابەری یانەی شاهانەیە.

جیۆڤانی، دووپاتیکردەوە کە ناتوانێت یاری بۆ ڕیال مەدرید بکات، تەنانەت ئەگەر داوای گرێبەستیشی لێبکرێت، چونکە وەک خۆی دەڵێت «نامەوێ خیانەت لە باوکم و ئەندامانی خێزانەکەم بکەم». ئەو هەروەها گوتیشی «ئەگەر بە گرێبەستی ڕیال مەدرید ڕازی ببم، شتەکە ئاڵۆز دەبێت، دەرفەتەکە چەندی گرنگ بێت پێموایە ئەستەمە ئەو کارە بکەم، چونکە هەموو ئەندامانی خێزانەکەم هاندەری ئەتلەتیکۆ مەدریدن، منیش پێموانییە دەچمە ڕیال مەدرید، چونکە قەرزاری باوکم و خێزانەکەمم، لەسەر هیچ شتێک گفتوگۆ لەگەڵ ڕیال مەدرید ناکەم، چونکە دەبێتە خیانەتکردن».



3

## تۆپی پێ تیڤێزی لە مەرگ ڕزگارکردووە

کارلۆس تیڤێز، ئەستێرەی پێشووی یوڤانتۆس و ئێستای بۆکا جۆنیۆرزی ئەرجەنتینی، جارێکی دیکە دانی بەوەداناوە کە تۆپی پێ ژیانی ئەوی لە لەناوچوون و لە ڕێگەی لادان ڕزگاریکردووە، کە پێشتر لە ئەرجەنتین تێیدا دەژیا. تیڤێز کە پێشتریش چەندینجار باسی ئەو مەسەلەیەی کردووە، لەو بارەوە دووپاتیکردەوە «خەریکبوو بکەومە نێو گێژاوی لادان و ماددەی هۆشبەر، بەڵام تۆپی پێ منی لەو ڕێچکەیە دوورخستەوە، بەڕاستی ئەگەر تۆپی پێ نەبوایە ئێستا یان گیرابووم یانیش مردبووم».

تیڤێز، کە یەکێکە لە باشترین ئەو یاریزانانەی وڵاتی تانگۆ بەرهەمی هێناون و پێشتر یاری بۆ هەردوو یانەی مانچستەر یونایتد و مانچستەر سیتیش کردووە، زیاتر گوتی «هەر لە منداڵییەوە شەیدای تۆپی پێ بووم، هەموو کاتەکانم لەنێو یاریگە و یاریکردنی تۆپی پێ بەسەر دەبرد، ئەوەش بواری بۆ نەهێشتمەوە تووشی لادان بم».









### بۆ لەدەستدانی کوڕەکەی تانگۆ..

# شا و شایتانەکان پەنجەی پەشیمانی دەگەزن

**ڕووداوی وەرزشی ـ TANGO**

ئەنخێل دی ماریا، یاریزانی نێودەوڵەتی ئەرجەنتینی دروستکەری یاری پاریس سانجێرمانی فەرەنسی، لەسەر دەروشانەوەی بەرچاوی لە سەر یاریگەکانی فەرەنسا بەردەوامە، دوای ئەوەی لە یاری ڕابردوودا بەرامبەر کان لە خولی فەرەنسا 2 گۆڵی کرد و تیپەکەی بەرەو سەرکەوتن برد.

دی ماریای تەمەن 27 ساڵان، لە خولەکی 16 گۆڵی یەکەمی تیپەکەی کرد، لە گێمی دووەمیش دووەم گۆڵی خۆی و سێیەمی تیپەکەی بەشێوەیەکی زۆر جوان کرد. پاریس سانجێرمان بەهۆی ئەو دوو گۆڵەی دی ماریاوە پێگەی خۆی لە سەرووی ڕیزبەندی یانەکانی خولی فەرەنسا قایمتر کرد، دوای ئەوەی کۆی خاڵەکانی بۆ 51 خاڵ بەرزکردەوە، بەمەش سەلمێندرا دی ماریا شایستەی ئەو 63 ملیۆن یۆرۆیە بوو کە پێیدراوە.

لە سایەی درەوشانەوەی ئەنخێل دی ماریا کە لە 21 یاری ئەو وەرزەدا 9 گۆڵی کردووە و 11 گۆڵیشی دروستکردووە، جەماوەری مانچستەر یونایتد و ڕیال مەدرید پەنجەی پەشیمانی لەبەر ڕۆیشتنی دی ماریا لە تیپەکانیان دەگەزن. جەماوەری مانچستەر یونایتد پێیانوایە کارگێڕی شەیتانە سوورەکان، هەڵەی کرد کاتێک ڕێگەی بە دی ماریا دا بڕواتە ڕیزەکانی پاریس سانجێرمان، چونکە ڕۆیشتنی دی ماریا کاریگەری بەسەر ئەنجامە خراپەکانی یانەکە لەو وەرزەدا هەیە، کە لە قۆناخی کۆمەڵەکان ماڵئاوایی لە چامپیۆنسلیگ کرد و لەسەر ئاستی پریمەرلیگیش لە پلەی پێنجەم دێت. هەرچی جەماوەری ڕیال مەدریدە پێیانوایە، ڕۆیشتنی دی ماریا هۆکارێکی سەرەکی دابەزینی ئاست و ئەنجامەکانی یانەکەیە، چ لە وەرزی ڕابردوو بێت کە یانەکەیان بە دەست بەتاڵی لێی دەرچوو و هەموو نازناوەکان بۆ بارسێلۆنای ڕکابەری بوو، چ لەم وەرزەش بێت کە ئاست و ئەنجامەکانی یانەکە زۆر خراپ بووە.



# خشتەی یارییەکانی هەفتە

| یاری | یانەکان | ڕێکەوت | کات |
|---|---|---|---|
| یاری دۆستانە | پاریس سانجێرمان - ئینتەرمیلان | چوارشەممە 30/12/2015 | 07:30 |
| خولی ئیسپانیا | بارسێلۆنا - ریال بیتیس | چوارشەممە 30/12/2015 | 10:30 |
| خولی ئیسپانیا | ڤیاریال - ڤالێنسیا | پێنجشەممە 31/12/2015 | 06:00 |
| خولی ئینگلتەرا | ئارسناڵ - نیوکاسڵ | شەممە 2/1/2016 | 06:00 |
| خولی ئینگلتەرا | مانچستەر یونایتد - سوانزی سیتی | شەممە 2/1/2016 | 06:00 |
| خولی ئینگلتەرا | ئێڤەرتۆن - تۆتنهام | یەکشەممە 3/1/2016 | 07:00 |
| خولی ئیسپانیا | مەلەگە - سێلتاڤیگۆ | شەممە 2/1/2016 | 12:05 |
| خولی ئیسپانیا | ڤالێنسیا - ریال مەدرید | یەکشەممە 3/1/2016 | 10:30 |

## خولی ئیسپانیا (هەفتەی 17)

| یاری | کات |
|---|---|
| **چوارشەممە 2015/12/30** | |
| ریال مەدرید - ریال سۆسیداد | 06:00 |
| لیڤانتی - مەلەگە | 06:00 |
| رایۆ ڤالیکانۆ - ئەتلەتیکۆ مەدرید | 08:15 |
| سڤیلیا - ئیسپانیۆل | 08:15 |
| ئیبار - خیخۆن | 10:30 |
| بارسێلۆنا - ریال بیتیس | 10:30 |
| سێلتاڤیگۆ - ئەتلەتیک بلباو | 10:30 |
| گیتافی - دیپۆرتیڤۆ | 10:30 |
| لاس پالماس - گرانادا | 11:00 |
| **پێنجشەممە 2015/12/31** | |
| ڤیاریال - ڤالێنسیا | 06:00 |
| **شەممە 2016/1/2 (هەفتەی 18)** | |
| ئیسپانیۆل - بارسێلۆنا | 06:00 |
| ئەتلەتیکۆ مەدرید - لیڤانتی | 10:30 |
| مەلەگە - سێلتاڤیگۆ | 12:05 |
| **یەکشەممە 2016/1/3** | |
| رایۆ ڤالیکانۆ - ریال سۆسیداد | 02:00 |
| ریال بیتیس - ئیبار | 06:00 |
| گرانادا - سڤیلیا | 06:00 |
| ئەتلەتیک بلباو - لاس پالماس | 08:15 |
| دیپۆرتیڤۆ - ڤیاریال | 08:15 |
| ڤالێنسیا - ریال مەدرید | 10:30 |
| **دووشەممە 2016/1/4** | |
| خیخۆن - گیتافی | 10:30 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - بارسێلۆنا | 35 |
| 2 - ئەتلەتیکۆ مەدرید | 35 |
| 3 - ریال مەدرید | 33 |
| 4 - سێلتاڤیگۆ | 31 |
| 5 - ڤیاریال | 30 |
| 6 - دیپۆرتیڤۆ | 26 |
| 7 - ئەتلەتیک بلباو | 24 |
| 8 - سڤیلیا | 23 |
| 9 - ڤالێنسیا | 22 |
| 10 - ئیبار | 21 |



## خولی ئینگلتەرا ( هەفتەی 20)

| یاری | کات |
|---|---|
| **شەممە 2016/1/2** | |
| وێستهام - لیڤەرپوول | 03:45 |
| لیستەر سیتی - بۆرنیمۆس | 06:00 |
| سەندەرلاند - ئەستۆن ڤێلا | 06:00 |
| ئارسناڵ - نیوکاسڵ | 06:00 |
| نۆرویچ سیتی - ساوسهامتۆن | 06:00 |
| وێست برۆمیچ - ستۆک سیتی | 06:00 |
| مانچستەر یونایتد - سوانزی سیتی | 06:00 |
| واتفۆرد - مانچستەر سیتی | 08:30 |
| **یەکشەممە 2016/1/3** | |
| کریستال پالاس - چێڵسی | 04:30 |
| ئێڤەرتۆن - تۆتنهام | 07:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - لیستەر سیتی | 38 |
| 2 - ئارسناڵ | 36 |
| 3 - مانچستەر سیتی | 35 |
| 4 - تۆتنهام | 32 |
| 5 - کریستال پالاس | 30 |
| 6 - مانچستەر یونایتد | 29 |
| 7 - واتفۆرد | 29 |
| 8 - لیڤەرپوول | 27 |
| 9 - وێستهام | 26 |
| 10 - وێستهام | 26 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - ڤاردی | لیستەر سیتی | 15 |
| 2 - محرز | لیستەر سیتی | 13 |
| 3 - لۆکاکۆ | ئێڤەرتۆن | 13 |
| 4 - ئۆدیگۆ | واتفۆرد | 13 |
| 5 - کەین | تۆتنهام | 11 |

* ئەم ریزبەندە بەر لە یارییەکانی (گەڕی تۆزدەم) دانراوە.



# کەسایەتی ئالڤێز لە 3 لێدواندا

رووداوی وەرزشی - BARCA4EVER

ئەگەر بتەوێ کەسایەتی دانی ئالڤێزی بەرگریکاری بەرازیلی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی بزانی، ئەوا بەخوێندنەوەی ئەم 3 لێدوانەی ئەو یاریزانە، کەسایەتی ئالڤێز بۆ تۆ بەتەواوی ڕووندەبێتەوە.

### کەش و هەوای چوار دەوری تۆپی پێ

«من کەیفم بەو جیهانە ناهێت کە چوار دەوری تۆپی پێی داوە. من لە ناویدا دەژیم، بەڵام من سەر بەو نیم، چەندین درۆ و چەواشەکاری هەیە. من هەڵەی خۆمم هەیە، بەڵام من کەسێکی ڕاستگۆم، هەندێجار وا هەست دەکەم خەڵکی ئامادەنین گوێم لێبگرن یان گفتوگۆی ڕاستییەکان بکەن».

### کەسایەتی و هەڵسوکەوتی

«من شەیدای مۆدەم کە چێژ بە ژیان دەبەخشێت، من ناتوانم گۆرانی بڵێم، بەڵام حەزم لە ڕاکشانە لەسەر ئاوازی مۆسیقاوە. من حەزم لە مۆدەیە، چونکە جیهانێکە لە ئازادی، وەک چێشتلێنان، کە دەتوانی خواردنی تازە دابهێنی و تام و ڕەنگەکان تێکەڵاوی یەکدی بکەی. بۆ نموونە یانەکەمان هەموو ساڵێک یەکەو ئۆتۆمبێلمان دەداتێ و ئۆتۆمبێلەکەی من بەردەوام ڕەنگاو ڕەنگترە».

### هێرشە تیرۆریستییەکانی پاریس

«لەگەڵ ڕێزم بۆ ئەوانەی لە هێرشە تیرۆریستییەکانی پاریس زیانیان بەرکەوتووە، بەڵام کارەسات لە ڕیۆ دۆسی لە بەرازیل و ئەفریقیا و شوێنی دیکەش هەبوو لەگەڵ زیانی زۆری گیانی، بەڵام بەداخەوە ئەو شوێنانەی جیهان هەمان بایەخی پاریسیان نییە، چونکە قورساییەکی زۆریان نییە».



# دیپالا: پاس دەگەینمە مێسی ئەگەر 5 یاریزانیش دەوریان دابێت

جیاوازی نێوان پالێرمۆ و یوڤانتۆسی بۆ دەرکەوتووە..

رووداوی وەرزشی - یوڤانتۆس مانیا

پاولۆ دیپالای، هێرشبەری ئەرجەنتینی یانەی یوڤانتۆسی ئیتاڵی، سەرسوڕمانی خۆی لە کولتووری بردنەوەی چێندراو لە یانەی خانمە پیرەکە نیشاندا و خەونی خۆی لە یاریکردن لەگەڵ هاووڵاتییەکەی، لیۆنێل مێسی ئاشکرا کرد.

دیپالا، ئەستێرەی تازەی یۆڤی دڵی خۆی بۆ ڕۆژنامەی ریپۆبلیکا کردەوەو دووپاتیکردەوە کە هاتنی بۆ یوڤانتۆس بە ماوەیەکی کەم شتی زۆری فێرکرد، کە دیارترینیان کولتووری بردنەوەیە لەجیاتی بیرکردنەوە لە شتی دیکە، ئەوەشی ئاشکرا کرد لە یاری کۆتایی چامپیۆنسلیگ لە شێوازی بیرکردنەوەی یاریزانانی یۆڤی سەری سوڕماوە، کە لەجیاتی بیرکردنەوە لە پشووی کۆتایی وەرز

دوای دۆڕانی یاری کۆتایی، بیریان لە وەرزی داهاتوو کردووەتەوە و گوتی «مارکیزیۆ هات خۆی بە من ناساند و پێیگوتم باش ڕاهێنان بکە دەبێت وەرزی داهاتوو هەموو شتێک ببەینەوە. شتێکی سەیر بوو، چونکە یاری کۆتایی چامپیۆنسلیگی کردبوو و لەجیاتی ئەوەی بیر لە پشوو بکاتەوە، هەموو بیریان لە وەرزی داهاتوو دەکردەوە، ئەوکات لە جیاوازی نێوان پالێرمۆ و یوڤانتۆس تێگەیشتم».

دیپالا، ئارەزووی خۆی لە یاریکردن لەگەڵ لیۆنێل مێسی دەربڕی کە بە پێشەوای خۆی و هەموو ئەرجەنتینییەکان دادەنرێت، داوای لە هەموانیش کرد چێژ لە سیحری مێسی لە یاریکردن بە تۆپ و تابلۆیە هونەرییەکانی لەسەر یاریگە وەربگرن، دووپاتیشی کردەوە «ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان لەگەڵ مێسی یاری بکەم، تۆپ بۆ ئەو دەنێرم و دەگەینمە بەر قاچەکانی ئەگەر 5 یاریزانیش چاودێری بکەن».



گرنگترین یارییەکانی هەفتە

## گۆڵکارانی خولی ئیسپانیا

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - نیمار | بارسێلۆنا | 14 |
| 2 - سوارێز | بارسێلۆنا | 13 |
| 3 - ڕۆناڵدۆ | ریال مەدرید | 12 |
| 4 - ئیمانوێل | ریال سۆسیداد | 12 |
| 5 - مارتینێز | دیپۆرتیڤۆ | 12 |

KOREK

ڕووداو وەرزشی
ژمارە (381) سێشەممە 2015/12/29



## بۆمبێکی گەورە

ڕۆژنامەی مارکای ئیسپانی بۆمبێکی گەورەی تەقاندەوە و ڕایگەیاند ڕۆژنامەو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی هەرێمی کەتالۆنیا بەرپرسانی یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی بەوە تۆمەتبار دەکەن کە ڕێگەبە کیکۆ کاسیای گۆڵپارێزی یەدەگی یانەی شاهانە نادەن یاری بۆ هەڵبژاردەی کەتالۆنیا بکات، سەرەڕای ئەوەی ئەو هەڵبژاردەیە لەلایەن یەکێتی تۆپی پێی ئەوروپییەوە دانی پێدانەنراوە. لەو بارەوە مارکا نووسیویەتی «بەقسەی کەتالۆنییەکان مەدریدییەکان هەرگیز ڕێگە نادەن یاریزانێکیان یاری بۆ هەڵبژاردەی هەرێمی کەتالۆنیا بکات، لەبەرئەوەی داوای سەربەخۆیی و جیابوونەوە لە ئیسپانیا دەکات».



ڕێبوار محەممەد

## 2015 هیچی لە جیهانی وەرزشدا نەگۆڕی..

2015 کۆتایی دێت، ئێمەی کورد هەر لە ئێستاوە مژدە خۆشەکەمان پێگەیشتووە.. دۆخی دارایی 2016 لەمساڵ خراپتر دەبێت، کەواتە وەک دڵێ پشتوێنەکانتان توند بکەن و دەست بە گیرفانتانەوە بگرن، هەرچەندە حەز بە ڕەشبینی ناکەم، بەڵام ئێوە گوێ لەو موژدە خۆشە بگرن، کورم دەوێت دوای بیستنی ڕەشبین نەبێت.

با واز لە ڕەشبینییەکانی 2016 بهێنین، برادەرێک دڵی زۆربەوە خۆش بوو کە پێشبینی فەیسبووک بۆ ساڵی نوێ بۆی داناوە و گەورەترین پرۆژەی لەو ساڵەدا ژنهێنانە، ئەوەش هەر باشە، نەموێرا منیش هەمان پێشبینی داوا بکەم، ڕاستیت دەوێت باوەڕم بە هیچ کام لەو پرۆگرامانەش نییە.

بۆ وەرزش 2015 چی گۆڕی؟ من دەڵێم هیچ، بۆ؟ چونکە ئەوەی هەبوو وەک خۆی مایەوە.

وەرزش دەستکەوت و نازناوە، بۆیە دەڵێم هیچی لێنەگۆڕا، لە تۆپی پێدا چنینەوەی نازناوەکان لە مانگی پێنجدا دەستپێدەکەن و ئەوەی وێنەی گشتی ئەو یارییە بوو لە جیهاندا وەک خۆی مایەوە، بارسێلۆنا کە جیهانی تۆپی پێی دەردەداری دەستی سەرکەوتن و درەوشانەوەکانی خۆی کردووە، جارێکی دیکە هەمان شتی دووپاتکردەوە، جامی شا و خولی ئیسپانیای برد، دواتر پەڕییەوە بۆ چامپیۆنزلیگ و سوپەری ئەورووپی و پاشان مۆندیالی یانەکانیش.

لە ئیتاڵیا باڵادەستیی یۆڤێنتۆس بەسەر سێریا ئەیدا درێژەی کێشا و ئەمجارەیان جیا لە دوو نازناوە ناوخۆییەکە، ئەوەشی خستە سەر کە خۆی گەیاندە فینالی چامپیۆنزلیگ.

لە ئینگلتەرا مۆرینیۆ، چێلسی بۆ سەکۆی نازناوی پریمەرلیگ بردەوە و لە فەرەنساش پاریسییەکان جارێکی دیکە ئاهەنگی سەرکەوتنیان گێڕایەوە، خۆ ئەڵمانیاش ئامادەنەبوو نیشانەی پاڵەوان لە بەرۆکی یانەیەکی دیکە بدات جگە لە بایرن میونشن.

دوور لە تۆپی پێ و لە تێنسدا سیرینا ویلیامز و نۆڤاک جۆکۆڤیچ شتێکی ئەوتۆیان بۆ ڕکابەرەکانیان نەهێشتەوە و تەڕ و وشکیان پێکەوە ڕاماڵی.

لە گۆڕەپان و مەیداندا ڕاکەرێکی دیکەی خێراتر لە یۆسین بۆڵت پەیدا نەبوو، ئەو لە عەرش و نازناوی خێراترین پیاوی جیهان بهێنێتە خوارەوە، لە کاتێکدا هەندێک وردە گۆڕانکاری لە شوێنی دیکەدا ڕوویدا، دیارترینیان بردنەوەی نازناوی کۆپا ئەمێریکا لەلایەن هەڵبژاردەی چیلییەوە، لە کاتێکدا ئوستراڵییەکان جارێکی دیکە باڵادەستی ئاسیا بوونەوە و کۆتدیڤواریش بووە پاڵەوانی ئەفریقیا.

لەسەر ئاستی تاک ئەوە جارێکی دیکە مێسی بوو لە کۆتاییدا زۆر پێکەنی و دووپاتیکردەوە ئەو باڵادەستی جیهانە، مێسی تا دوا ساتەکانی ساڵەکە لە چنینەوەی نازناوەکان بەردەوام بوو، تا ئەوکاتەی لە دوا ساتدا ساڵەکەی بە ساڵێکی پڕ دەستکەوت و نازناو بۆخۆی و هاوڕێکانی ناوبرد.

ئەوەی لە جیهانی وەرزشدا لە 2015 سەریهەڵدا و دواتر وەک بابەتی سەرەکی بەبێ چارەسەر مایەوە، گەندەڵییەکانی فیفا و نوقمبوونی بەرپرسانی ئەو فیدراسیۆنە بوو لە سکانداڵی گەورەدا.

بەرپرسەکانی فیفا لە بلاتەرەوە تا پلاتینی و بەرپرسی فیدراسیۆنە کیشوەرییەکان و دواتریش بەرپرسانی فیدراسیۆنە ناوخۆییەکان، زۆرینەیان، دەستیان بە خەزنەی ڕێکخراوەکەدا کردووە و هەریەکەیان بەشێوەیەک و بیانوویەک بڕێک پارەی بردووە.

لە 2015 کەم نەبوون ئەو ڕاهێنەرانەی لە پۆستەکانیان دوورخرانەوە، بەڵام لە هەموویان زیاتر مۆرینیۆ هەڵای نایەوە، ئەو لە سپێشەڵ وەنەوە بووە سپێشەڵ دەرکراو، لەوانەیە سەدای ئەو دەرکردنە بە دەرکردنی ڤان گال دابمرکێتەوە.

ڕووداوەکان زۆرن، بەبڕوای من زەرەرمەندترین کەسی 2015 لە وەرزشدا میشێل پلاتینی بوو، ئەو داینابوو سەرۆکی داهاتووی فیفا بێت، کەچی ئێستا بۆی نییە بچێتە یاریگەکانی تۆپی پێوە، تەنیا دۆخی پلاتینی لە مانشێتی نووسینەکەم پەشیمانم دەکاتەوە، چونکە ئەوەی ئەو گۆڕان بوو بە پلەی 360.

ئەڵمانەکان دینداریی کانۆتێی بەبیردێننەوە..

# لۆکا تۆنی بای ملیۆنێک یۆرۆ خوداپەرستی کردووە



**ڕووداوی وەرزشی - DW**

دادگای ئەڵمانی، لۆکا تۆنیی یاریزانی ئیتاڵی تووشی شۆک کرد، چونکە داوای یەک ملیۆن یۆرۆی لێدەکات وەک باج بۆ ئەو خوداپەرستییەی لەنێو کڵێسای شاری میونشنی ئەڵمانیدا کردوویەتی.

لۆکا تۆنی، کە مەسیحییەکی دیندارە بەدرێژایی ئەو ساڵانەی یاریزانی یانەی بایرن میونشنی ئەڵمانی بوو، بەردەوام سەردانی کڵێسای شاری میونشنی دەکرد و تێیدا سرووتە ئایینییەکانی جێبەجێدەکرد، بەڵام ئەو نەیدەزانی کە ئەو هەموو خوداپەرستییە بە پارە لەسەری دەکەوێت، چونکە لە ئەڵمانیا پێویستە باجی ڕۆیشتن و مانەوە لە کڵێساکان بدرێت.

ڕۆژنامەکانی ئەڵمانیا ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە کە هەمیشە بەڵگەنامەکانی باج لەلایەن راوێژکارە یاساییەکانییەوە بە لۆکاتۆنی ئیمزاکراون، بەڵام ئەو نەیزانیوە مەسەلەکە چییە، لەبەرئەوەی هیچی لە زمانی ئەڵمانی نەزانیوەو هەموو جارێ بێ بایەخانە بەڵگەنامەکانی ئیمزاکردووە، چونکە قەت نەیزانیوە لە ئەڵمانیا باج بەناوی ئایین وەردەگیرێت. خودی لۆکاتۆنیش لەو بارەوە بە دادگای گوتووە «ئەگەر پێشتر بمزانیبوایە بە پارە سرووتە ئایینییەکانم ئەنجام دەدەم، هەرگیز ئەو کارەم نەدەکرد و لە کڵێسا دەردەچووم».

ئەو لێدوانانەی ئەستێرەی ئێستای یانەی هێلاس ڤیرۆنای ئیتاڵی، ڕۆژنامە ئەڵمانییەکانی ناچارکرد، ئەو یاریزانە بە یاریزانی موسڵمانی پێشووی یانەی سیڤیلیای ئیسپانی، فردریک کانۆتێ بشکێننەوەو لەو بارەوە نووسیویانە «چاو لە کانۆتێ بکە، ئەو لەبەرئەوەی بەڕاستی پیاوێکی دیندار بوو، ئایینەکەی خۆی خۆشدەویست، ئامادە نەبوو ئەو دریسەی سیڤیلیا لەبەربکات کە ڕێکلامی بۆ مەی دەکرد. هەروەها مزگەوتێکی بە نزیکەی ملیۆن یۆرۆ لە شاری سڤیلیا دروستکرد».



پێشبڕکێ

**به کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە**

کورتە نامەیەک لەگەڵ ناوی خۆت بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:

**0750 833 3555**



براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو

**ئەحمەد بەهائەدین لە هەڵەبجە**

بە لێدوانی:

**( زۆر بێزار و غەمبارە، حاڵیان زۆر ناڵەبارە )**

ڕووداو وەرزشی

LOTTO 1

## چل و شەشەمین پێشبڕکێ

ژمارە (381) سێشەممە 2015/12/29

شەش کۆبۆنی یەک بەدوای یەک، واتا هی شەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (ڕووداوی وەرزشی) ت لێکڕیوە. بەو جۆرە لەتیروپشکی بردنەوەی لۆتۆی ڕووداوی وەرزشی بەشداربە.

خەڵاتەکان

1 ـ ئامێری ڕۆیشتنی کارەبایی
2 ـ تەلەڤزیۆنی LCD
3 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ
4 ـ کۆمپیوتەری دیسکتۆپ
5 ـ ئامێرەکی تەلەفونی مۆبایل

ناو : ..............................

مۆبایل : ..............................

(ڕووداوی وەرزشی) بخوێنەوەو خەڵات ببەرەوە






RÛDAW

هەموو دووشەممەیەک بخوێنەوە

ڕووداو هەمووومان گەنجتر دەکاتەوە

(ڕووداوی وەرزشی) ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو ڕۆژانی سێشەممە دەریدەکات
لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە
www.rudaw.net

سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
e-mail:ihsan@rudaw.net - 0750 454 71 68
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی
دیزاینەران: هونەر مەرجان ـ شاهۆ محەممەد